
وەزارەتی دەرەوەی عێراق بەردوامانی ئیسرائیلی بە سەر بارەگاکانی لیژنەی قەتەر بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە شەرمەزار دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە تووندترین شێوە بەردوامانی داگیرکەری ئیسرائیلی بە سەر بارەگاکانی لیژنەی قەتەر بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە شەرمەزار دەکات.

ئەحمەد ئەلسەحاف، وتەبێژی وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە تووندترین شێوە ئیدانەی بەردەوامی پێشێلکردنی سیستماتیکی دەستاتی داگیرکەری ئیسرائیل دەکات بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و تاوانکاری بەرامبەر بە هاووڵاتیانی فەڵەستینی وهەرشە دووبارە و ئاشکراکانی بە سەر باڵەخانە و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، کەدوایینیان بەردومانکردنی ئەمەی بارەگای لیژنەی قەتەری بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە بووە، بەبێ گومانە داواکاریی نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەە پێویستی ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە شانگەزە لەسەر کەرتی غەززە.

هەروەها وتی" وەزارەتی دەرەوە هاودەنگیی حکومەت و گەلی عێراق لەگەڵ خەڵکی غەززە دووپات دەکاتەوە، داواش دەکەین کۆتایی بێو هەرشە دوژمنکارانە بهێنرێت بە سەر خەڵکی سڤیل، کە پێشێلکارییەکی جددیە لە بگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیی، ئاماژە بەوەش دەکات کە "وەزارەتی دەرەوە دووبارەە داوا لەە ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە بە ئەوەی

بەرپرسیارێتی خۆیان لە ئەستۆ بگرن و کۆتایی بە پێشێلکارییانە بەهێنن کە بە وەنە و کاریگەریی وەرانکەرەکانی، سنووری وەسفکردنی تێپەڕاندووە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە هەوەستی پابەندبوون بە مافی گەلی فەستینەوە بە مافی چارەی خۆنووسین، جارکی دیکە پشتیوانی و پشتگیری خۆمان بۆ ئەو هەوانە دەردەبڕین کە ئامانج لێی وەستاندنی ئەو پێشێلکارییانەیە، بە پێی ئامانج و بنەماکانی نێتەوە یەکگرتووەکان.